# خةباتي يةك سةدةي كورد و تاقيكردنةوةي بةكةلؤريا ... موحسين جوامسر



کورد، دوای بڕینی چەندین قۆناغ لە خەبات و شۆڕش و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمنانی میرغەزەب و خوێنخۆروسەرسەختدا، بە ڕۆژگارێک شاد بوو کە شەوان خەونی پێوە دەبینی و لە دووتوێی دیوانە شیعراندا خۆزگەی بۆ دەخواست.. . شوکرئەم ڕەوشە ئێستەش بەردەوامە.. . پاشان کە دێوەکەی بەغدا سێبەری خۆی لە مست نرا، کورد ـ بەناچاری ـ بوو بە لایەنێکی کارا لە هاوکێشە تێک قژقژاوەکەی ناوچەکەدا کە بەبێ بەشداریی ئەو، هەرگیز کارە ئاڵۆزو تەژی لە تەنگژان، یەکلا نەدەبووەوە، تا ئێستەش ـ تا ڕادەیەک ـ ئەم کاریگەرییە ـ زۆر تا کەم ـ ڕۆڵی خۆی لە گۆڕانکارییەکاندا دەبینێت.. . بەو تەمایەی ئەو زەوینەیەی هەم بە خەباتی خۆی و هەمیش بەرەخسانی هەلومەرجی بابەتی بۆی هاتۆتە ئاراوە، بەردەوام بێ و پەرە بگرێ.. . هاوڕێ لەگەڵ ئەمەشدا، پەیتاپەیتا تیشک بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بهاوێژێ .

بە تێخوێندنەوەی ڕووداو و پێشهاتەکان کە بەردەوام بە ڕێگەوەن و گەشە دەسێنن، دەکرێ بگوترێ کە ڕەوشی داهاتوو، بە ترسناکترین شێوە خۆی دەنوێنێ، کە دەشێ زۆر بەوردی و کارامانە مامەڵەی لە تەکدا بکرێ، بەتایبەتیش چونکە دوژمن ئەوەندە زۆرن، ئەگەر هیچ هۆکارێک کۆیان نەکاتەوە و نەیانکات بە دەستەبرا، ئەوا لەباربردن و ئەنجا لەنێوبردني ئاسەواری ئەم ئەزموونی کوردستانە، بەسە بۆ ئەوەی ـ تا ماوەیەکیش بێ ـ ناکۆکییەکانیان هەڵپەسێرن و لەیەک مەیدان و بۆ یەک ئامانج هاوخەبات بن.. . دیارە ئەم دیاردەیەش ڕێک کۆرپەی ڕۆژگاری ئێستەمان نییە، بگرە دێوەزمەیەکی ئەوەندە زەبەلاح و قێزەونە، تەمەنی لە هەشتا ساڵ ڕەتی کردووە .

دیارە، گۆڕانکارییە ئەرێنییە کانی عێراق ـ سەبارەت بە هەبوونی بەرگری ـ لەچاو ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، زۆر کزو لەسەرخۆن، بەشێوەیەک ئەگەر هەنگاوێک بۆ پێشەوە چووبن، هاوکات چەندین هەنگاو بۆ دواوە چوونە و بڕواش ناکرێ بەم زووانە ئەم لێڵاوە ڕوون و سازگار ببێتەوە وپیاو بە ئاسانی لەم قوڕاوە سیاسییەدا ڕزگاری ببێ، ئەگەر پێچەوانەکەی ڕاستتر نەبێت .

ڕاستییەکەی، کەس ناتوانێ بڕیار بۆ داهاتووی عێراق بەتایبەتی و ناوچەکە بەگشتی بدا، هەتا خودان بڕیارەکانیش.. . ئەوەی هەیە تەنیا تێزو پێشبینییە و چیتر.. . تاکە تێزیش کە تا ئەمڕۆ لەم ململانێیە گرەوی خۆی بردبێتەوە و بۆ هێندێ گۆڕانکاری و بەرجەستەکردنی بڕەدەستکەوتێکی کاتی سەرپشک بووبێ، سەرکەوتنی لایەنەکان بووە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، کە ئەوەشیان هۆکارێکی پربایەخ بوو لە قۆناغی بەراییدا.. .. نە سەرجەمی پرۆسەکە بوو ونە ئامانجی سەرەکیش!

ئەوەی دەبێ ئێمەی کورد ـ بەتایبەتی ئەمساڵ ـ هەڵوەستەی بۆ بکەین ودانی پێدابنێین ئەوەیە، کە ڕەوشەکە بۆ ئێمەی کورد هەمان تاس و هەمان حەمامە، بەڵکو سەختتر و دژوارترە، چونکە ئەگەرهەڵبژاردن هەنگاوی خۆڕانان و دیاریکردني قەبارەی خۆ بووبێت لەو جەنگەدا، ئەوا

شەقاوی داهاتوو لە سەروبەندی ململانێ و کێبەڕکێیەک دایە، بۆی هەیە بەرژەوەندیی کەم لایەنی بەهێز لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا، لەگەڵ لایەنی کوردستانیدا تێک بکاتەوە، ئەگەر دژەکەی ڕاستتر نەبێت.. . نموونەشمان ـ بە پلەی یەکەم ـ بۆ دروستیی ئەم بۆچوونە، دەستتێوەردانەکەی جەعفەرییە لە نێواخنی سوێندەکە و بە نوێژی نیوەڕۆ، کە لە کاتێکدا بوو نەک حکوومەتەکە باڵی نەگرتبوو، بگرە ـ هێشتا ـ پێشی نەگرتبوو، بگرە بەدیار وەزیرە کوردەکانیشەوە ولە ساتێکدا سەر کۆماریش کورد بوو.. . ئەوجا ئەگەر ئەم کارە لەسەروبەندێکدا قەوما بوو بێ کە لیستی کوردستانی هێزی دووەمی هاوکێشەکان بوو، داخوڵا بەیانی کە بوو بە هێزی سێیەم، چ تەپکەوداوێکمان بۆ دادەنرێتەوە ودەشبێ کورد چۆن خۆی بۆ ئەو جەنگە هەمەلایەنە ـ بەتایبەتی جەنگی داڕشتنی دەستوور ـ ساز و تەیار بکا، تا سەرەنجام ـ لە سۆنگەی ئەو دەرفەتەی لە هەلومەرجی ئێستەدا بۆی والایە ـ گرەوەکە بباتەوە و وەک هەنگاوی یەکەم لە دەستنیشا نکردنی مافی چارەی خۆنووسین ـ بەو شێوەیەی گەلی کوردستان لە ئێستە و داهاتوودا بڕیاری لەسەر دەدا- ڕێگە بگرێتە بەر؟ ئەمەش بە ڕای منەوە ـ بۆ دەستەبەرکردنی دواڕۆژی سەرجەمی کورد ـ خاڵی وەرچەرخانە و دەبێ بەهەند وەربگیرێت .

وەکو تێبینی دەکرێ، وەزیفەداربوون لە عێراق و کوردستاندا لەم ڕۆژگارە سەختەی عێراق و کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێ، زێتر (تەکلیف) ە نەک (تەشریف) ، واتە هەڵگرتنی ئەرک و ئەمانەتێکی نەتەوەيي و ڕاگەیاندنی پەیامێکە وپەڕینەوەیە لە سەر پردێکێ چرووک کە لە سەردەمی ئینتەرنێتدا دروست کراوە، زێتر لەوەی کارێکی یان ململانێیەکی حیزبی یان شادبوون بە وەرگرتنی پلە و پۆستێکی سەرۆکایەتی بێت.. . چونکە هیچ کەس و لایەنێک ـ هەرچەندە خودان توانا و لێکدانەوەی ڕاست و ژیرانە بێت ـ ناتوانێت گەرەنتییەکی ئەوتۆ بداتە دەست و بڵێ بارەکە ـ حەتمەن ـ واي لێ بەسەردێ، ئەگەرچی هیوایەک لە ئاسۆدایە.. . ئەوجا ئەگەرلە هەموو دەوروزەمانێکدا ـ بۆی هەبێ ـ خاوەنی پۆستێکی سەروەری بەخیلی و حەسوودیی پێ ببردرێ، ئەوا لەم سەردەمەدا ـ ڕەنگبێ ـ تەنیا حەوجە بە هاوکاری ودوعا بێ، بۆ ئەوەی لە سەنگەری داخوازییەکانی گەلەکەیدا دامەزرێ و دەرەقەتی زلهێزان بێت .

بۆیە، ئەز لەو بروایە دام ئەو کەسایەتییە کوردەی لە کوردستان ـ لە پا ڵ ئەو کەسایەتییە کوردەی لە بەغدا ـ ئەرکی جڵەوگرتنی ئەم قۆناغە لە شووشە ناسکترە بەدەستەوە دەگرێ ـ هاوڕێ لەگەڵ ئاوڕدانەوەیەکی جیددی بۆ بڕیاری گەل لە ڕێفراندۆمە گشتییەکەی کوردستان ـ ئا لێرەدا دەبێ هەموو هیزولایەنێکی خەمخۆری پاراستنی دەسکەوتەکانی گەلی کورد و گێڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر کوردستان، هاوتەریب ـ لەگەڵیدا ـ ئەم ڕێگە پڕ لە نسکۆ وهەڵەمووت و هەڵبەزدابەزەدا ببڕن.. . چونکە ئەو کەسایەتییە ـ لەم قۆناغی دووەمەدا ـ لە سفرەوە دەست پێ دەکا و ڕووبەڕووی بەرەیەک دەبێتەوە کە تا دوێنێ شا بوو ئەگەر کورد ئاوڕێکی بەخێری لێ بدابایەوە، کەچی ئەمڕۆ خەریکە کلکمان لێ دەهاوێتە سەر پشت ودەمانخاتە دوڕیانێک کە ناچارمان دەکا بکەوینە سەر ئەو کەڵکەڵەیەی کە ئەو نەک هەر دژی فیدڕاڵییەتە، بگرە دیموکراتییەتیشی پێ بیدعەیە! .

نەیارانی کورد لە شەڕی دژە کورددا گوراو و ماندوو نەناسن.. . ئەمڕۆ لە دوێنێ بەگوڕتر وساڵی داهاتووش لە ئەمساڵ بەهێزترن.. . بەڵام هێشتا کورد ـ لەگشت ڕوویەکەوە ـ بەتێنترولەبارترە.. .

ئەگەر کورد زێتر لە سەدەیەکە خەبات دەکا وقوربانی دەدا، ئەوا ئەمساڵ ـ تەنیا ئەمساڵ ـ لە بەردەمی تاقیکردنەوەی بەکالۆریا دایە و ـ تەنیا ئەویش ـ لەم وێستگەیەدا سەنگی مەحەکە وهیچ بروانامەیەکی دیکە بەدەرد ناخوا .

mohsinjwamir@hotmail. com